# زیانەکانی شەڕی کۆماری ئیسلامی و پژاک!

## لە هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر پژاک هەر لایەک سەرکەوی بە زەرەری کوردە !



ڕیژیمی دژی کوردی کۆماری ئیسلامی ئیران جاریکی دیکەش هێرشی نیزامی هیناوەتە سەر کوردستان و هەر بە شیوەی ساڵانی رابردوو شەل و کویرم نا پاریزی دەستی داوەتە توپ و بومبارانی ناوچەکانی کوردستان و دوژمنایەتی خۆی لە گەڵ کورد هەر وەک جاران دریژە ئەدات .

خەڵکی کورد لە مێژە هەم بە خاتری کورد و سوننی بوونی و هەمیش بە خاتری ئازادی خوازی لە لایەن ریژیمی ئیسلامی ئیرانەوە مەحکووم کراوە. کوتایی دوژمنایەتی کۆماری ئیسلامی ئیران و میللەتی کورد تەنیا بە لە بەین چوونی یەکیک لەم دوانە مومکینە. نەتەوەی کورد سابیتی کردوە کە تەسلیم نابی و لە مەیدان دا دریژە بە بەربەرەکانی تا وەدەس هینانی ئازادی نەتەوەیی خۆی ئەدات و حازرە بە قوربانی دانە. بە قەولی کاک دوکتور قاسملو " گەلیک ئازادی بوی دەبی نرخیشی بۆ بدات ". ماهییەتەی دژی کوردی کۆماری ئیسلامی ئیران بۆ کورد بە دەیان جار سەلمیندراوە هەربویە باس لەم بارەوە تەنیا کات بە فیرۆ دانە.

بە پێ لێکدانەوەکانی پێشو ، هێرشی کۆماری ئیسلامی ئیران دەبا هەم زۆرتر و هەمیش هاوئاهەنگ لە گەڵ دوڵەتی تورکیە ، عیراق و بە هاوکاری هەریمی کوردستان بە بەریَلاوی زیاتر ئەنجام درابا ، بەڵام وی دەچی کیشەکانی سوریە نێوانی ئیران و تورکیەی تیک دابی و پارسەنگی هێزیش لە بەغداد بە زەرەری نفوزی ئیران گوران کاری بە سەر دا هاتبی. ئیران بە نهینی تەقەلای زۆری داوە کە کاک مەسعود بارزانی رازی بکات تا لەم هێرشە دا هاوکاری لە گەڵ بکات ، بەڵام نیشانەکان لەوە حیکایەت ئەکەن کە کاک مەسعود بۆ ئەم هاوکاریە رازی نەبوە.

### ناوەرۆکی شەڕی کۆماری ئیسلامی ـ پژاک :

زۆر جاران دیتراوە لە شەریک دا هەر دوو لایەنی شەر تاوانبار بن بە واتەیەکی دیکە هەمیشە وا نیە کە لایەنیکی شەر حەقدار و لاینی دیکە ناحەق. تەنانەت جاری واش هەیە کە حەق بە قاتڵە ، ئەگەرچی کردەوەی قەتڵیش مەحکومە. رووناکبیرانی کورد کە لە بەری کوردایەتی دان ، نابی لە ژێر تەئسیری جەوی شەر وا قەرار بگرن کە ئەرکی ئیخلاقی رووناکبیری خۆیان لە بیر بکەن واتە نابی بە خاتری ماهیەتی دژی کوردی ریژیمی کۆماری ئیسلامی ئیران ، رەخنە لە سەر لاینی بەرانبەر واتە پژاک لە بییر بکەین. و هەر وا نابی بە خاتری دوگماتیستی ریکخراوی کوردی وەک پژاک ، لە قاو دانی ئامانجی دژی کوردی کۆماری ئیسلامی فەراموش بکرێ. هەر چەندیش باش دەزانم لە شەرایەتی شەر وەک ئیستا دا رەخنە گرتن لە پژاک وەک ئەوەیە کە چوڵکە بە کونی هیلانەی زەردەواڵە ( زنبور ) بکرێ.

### لە سەر پێک هاتەی پژاک :

ئەگەر ژمارەی شەهیدەکانی پژاک وەک پیوانە دابنین تا بزانین ئەندامانی پژاک چەند دەرسەد لە خەڵکی کوردستانی ئیران پێک هاتوە ، ئاکام وەردەگرین کە تەرکیبی تەشکیلاتی پژاک کەمترلە ٢٠% لە خەڵکی کوردستانی ئیران پێک هاتوە. لە کۆی ١٥٤ شەهیدی پژاک تەنیا ٣٢ کەس خەڵکی کوردستانی ئیرانن . دیارە لە کۆی ٨ شەهیدی تازەی پژاک تەنیا یەک کەسیان خەڵکی کوردستانی ئیرانە. لەو ٢٠% دەرسەدەی ئەندامانی پژاک کە سەر بە کوردستانی ئیرانن دەرسەدیکی بەرچاویان ئەو کەسانن کە پیشتر لە ریزی دیموکرات و کۆمەڵە بوون و زویر بون و وەک نارازی چونە لای پژاک. پژاک پاتوقی نارازیانی حیزبی دیموکرات و

کۆمەڵە یە. هەر بویە موبالیغە نیە ئەگەر بوتری کە بەشێکی بەر چاو لە هەڵسورانی پژاک لە ماوەی رابردوو دا دژی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە بوە. دیارە بەشێک لەو کەسانە بە خاتری خەباتی نەتەوایەتی بە پژاک پیوەست نەبوون بەڵکو بە خاتری ئەوە کە وینە و فیلمی خۆیان لە تەلەویزیونەکانی پژاک و (PKK ) ببینەوە. ژمارەیەکیش لەوانە کە حیزبی دێموکراتیان بە جێ هیشت و چونە لای پژاک ، هوی بە جێ هێشتنی حیزبی دێموکراتیان لە کاتی خۆی ئەوە باس دەکرد کە " حیزبی دێموکرات خەباتی چەکدارانەی دەکرد و ئەوان لە گەڵ ئەو چەشنە خەباتە رازی نەبوون ". ئیدعای پژاک ئەوەیە کە بۆ فیدرالیزە ودێموکراتیزە کردنی ئیران خەبات دەکات ( وتویژی بەڕیز حاجی ئەحمەدی لە گەڵ بی. بی. سی ). پرسیار لە تەشکیلاتی پژاک لیرە دا ئەوەیە کە چۆنە خەڵکی باکور و باشوری کوردستان کە زیاتر لە ٨٠% تەشکیلاتی ئەو پێک دینن ئەوندە دێموکراتیزە کردنی ئیرانیان بۆ گرنگە؟ باشە ئەگەر بە راستی پژاک خوازیاری رۆخانی کۆماری ئیسلامی ئیران و دابین کردنی ریژیمێکی دێموکراتیک لە جێ ئەو دایە ، ئەمە چ پێوەندیەکی بە خەڵکی کورد لە باکور یان باشوری کوردستانەوە هەیە؟. ئەم دیاردەیە نە تەنیا تا ئیستا لە کۆمەڵی کورد دا نە بینراوە ، بگرە لە هییچ شوینیکی دۆنیاش بەرچاو نەکەوتوە کە خەڵکی وەڵاتیك دیکە بە کۆمەڵ بچن وەڵاتیکی دیکە رزگار بکەن.

## چەند دێرێک لە سەر ناوەرۆکی پژاک :

خراپ بوونی پژاک تەنیا ئەوە نیە کە تەشکیلاتیکی چەکداری دەس کردە ، کە رۆژانە لە لایەن پارتی کریکارانی کوردستانەوە قورمیش دەکری ، بەڵکو دیینی کردنی ناسیونالیزم و دوگماتیستی حیزبی دوو دانە عونسرن کە نێوەرۆکی ئەسڵی پژاک پێک دێنن. نابی لە بییر بکەین کە جیاوازی نێوان ناسیونالیزم و فاشیزم لە ماهیەتی وان دایە. ناسیونالیزم ئەگەر نێوەرۆکی پیشکەوتوانە و دێموکراتیکی نەبی هەر ئەو فاشیستەیە کە لە ئاڵمان ، ئیتالیا و یان ژاپون دا بوو. رووناکبیرانی کورد نابی ئیجازە بدەن کە کۆمەڵی کوردەواری بە دەس فەناتیزم و دوگماتیزم بسپیردری جا فەرق ناکات فەناتیزم دیینی ، کیمونیستی و یان ناسیونالیستی بێ. ئیستا لە کوردستانی ئیران پژاک نوینەرایەتی فەناتیزمی ناسیونالیستی ، وەهابی سەلفیەکان نوینەرایەتی فەناتیزمی دیینی و باقیمانکانی کیمونیزمی کریکاریش نوینەرایەتی فەناتیزمی کیمونیستی ئەکەن کە بۆ داهاتوی کورد گەلێک مەترسی دارە.

## چەند ئامانجی کۆماری ئیسلامی لەم هێرشە نیزامیە دا :

### ئامانجی سیاسی :

1 - ریژیمی کۆماری ئیسلامی ئیران حاسیل و هەڵقوڵاوی شەر و بوحرانە وەک چون ماسی بە بێ ئاو ناژی ، کۆماری ئیسلامیش بە بی شەر و بوحران ناتوانی بژی هەر بویە بۆ دریژەی ژیانی هەمیشە پیویستی بە بوحران و شەر هەیە. گەورەترین دوژمنی ئەم ریژیمە سوڵح و ئاشتی یە بە تایبەت لە شەرایەتی ئەمرو دا کە دەسەڵات لە دەس سوپای پاسدارانە. ڕاگرتنی جەوی ئەمنیەتی کوردستان و میلیتاریزە کردنی ناوچە سنوریەکان پیداویستیەکی دریژخاینی کۆماری ئیسلامی ئیرانە.
2 - یەکی دیکە لە مەبەستە سەرەکیە کانی ریژیمی ئیران لەم هێرشانە دا ئەوەیە کە لە نێو ڕیزەکانی کورد ناکوکی دروست بکات. پژاک بۆ ئەم کارە باشترین سوژەیە. و هەر ئیستاش تا رادەیەک ناکۆکی دروست کردوە.
3 - کۆماری ئیسلامی ئیران لە ڕەکەبەری لە گەڵ تورکیە لە سەر باشوری کوردستان دۆراندویەتی تا چەند ساڵ لە مو پیش ریژیمی ئیران لە باشوری کوردستان لە تورکیە بە هێزتر بوو ، بەڵام ئیستا بە هوی ئاکتیو بوونی دیپلوماتی تورکیە رۆڵی کۆماری ئیسلامی لاواز بوە و دۆڵەتی تورکیە هەم لە باری ئابووریەوە و هەم لە باری نفوزی سیاسیەوە گەلێک لە ئیران لە پیشترە و ئەم وەزعە بە کۆماری ئیسلامی ئیران زۆر ئیش دەگەینی. بەڕیز کاک مەسعود بارزانیش لە نێوان ئیران و تورکیە دا ، تورکیەی هەڵبژاردوە. جگە ئەمەش حیزبی (A:K:P) هەڵویستی بەرانبەر بە کورد خراپ نیە و چاوەروان دەکری وتویژی جیدیش لە گەڵ (B.D.P)بکات و هیندیک ئیمتیازی دیکەش لە تورکیە بە کورد بدەن . هەر بویە کۆماری ئیسلامیش ئەم وەزعەی بۆ تەحمول ناکری و دەیهەوی تێکی بدات.

### ئامانجی نیزامی :

کۆماری ئیسلامی ئیران هەم بۆ ئیستا و هەم بۆ داهاتو پیویستی بە(PKK ) هەیە وەک حیزب الله لە لوبنان. هەر بویە دەیهەوە بە گۆشاری نیزامی بۆ سەر(PKK )  ئەم پارتە تەسلیم و یان وابەستەی بە خۆی بکات و قەراردادی پێ ئیمزا بکات کە پژاک دژی ئیران شەر نەکات و لە کاتی پیویست دا بە قازانجی ئیران دژی ئەمریکا هەڵویست بگرێ. دیارە(PKK )  زەمینەی ئەم کارەی هەیە چونکە لە هەر باریکەوە سەربەخویە و لە بەرانبەری هییچ شتیکیش ئیحساسی بەرپرسایەتی نیە. هەر بویە دەتوانی هەموو مانوریک و لە هەر شەرایتیک دا بدات.

## هەڵویستی کورد :

هەڵویستی رەسمی تا ئیستای حکومەتی هەریم کوردستان ئەوە بوە کە لەم شەرە نە بە قازانجی ئیران و نە بە قازانجی پژاک واردی شەر نەبی. بەڵام ئەم هەڵویستە ناتوانی تا سەر بی. ئەگەر ئیران بۆ ماوەیەکی دریژ خاین شەرەکە دریژە بدات و لە گەڵ (PKK) بە رێکەوتن نە گات ئیمکانی ئەوە هەیە کە هەڵویستی هەریمی کوردستان ئاڵ و گۆڕی بە سەر دا بی.

تا ئیستا رێکخراوەکانی کوردستانی ئیران بە فرمی هەڵویستیان دەرنەبریوە ، هەر چەند لە سیاسەت دا جار و بار بی هەڵویستی بۆ خۆی بە مانای هەڵویستە. بەڵام باشتر وا بوو کە رێکخراوەکان بە تایبەت دێموکرات و کۆمەڵەکان ڕاگەیەنراویکی هاوبەشیان دابا کە لەو دا هەم هێرشی نیزامی کۆماری ئیسلامیان مەحکوم کردبا و هەمیش بە توندی لە کرداری نا بەرپرسانەی ریبەرایەتی پژاک و (PKK) رەخنەیان گرتبا.

خەڵکی کورد لە نێوخۆی وەڵات تا ئیستا بی لایەن بوون هەر چەند ریژیم بە تەواوی خەبەرەکانی شەر سانسور ئەکات ، بەڵام ئەو بەشەی خەڵک کە لە رێگای ئینتیرنیت و ماهوارە وە ئاگاداری شەرکە بوون ، هەڵویستی نوترالیان هەیە. روون نیە کە ئەگەر ریژیم لە جی هێرش بۆ سەر پژاک ، بۆ سەر دێموکرات و کۆمەڵە هێرشی کردبا ، ئایا خەڵکی کورد هەر بەم جورە بی لایەن دەبوون ؟

هەڵویستی کوردەکانی دەرەوە زۆر لاواز بوو. تەنیا بەشیک لە ژیر هەستی نوستالۆژی دا برێک هاودەردیان لە گەڵ پژاک کرد کە هاودەریان لە گەڵ پژاک بوی نارەزایەتی لە حیزبی دێموکرات و کۆمەڵەشی پێوە دیار بوو.

## هەڵویستی ئیرانیەکان :

تا ئەو جیگەی من ئاگادار بم ، هیچ رێکخراوەیکی ئیرانی ، چەپ یان راست ، گەورە یان چکولە ، بەرانبەر بەم شەرە هەڵویستی دەرنەبڕی. لە حاڵیک دا هە چەند مانگ پێش ، سازمانی موجاهیدنی خەلکی ئیران بە پیلانی کۆماری ئیسلامی لە لایەن عیراقەوە هێرشی کرایەو سەر ، کە لە لایەن تەواوی رێکخراوە کوردیەکانەوە بە فرمی مەحکوم کرا و لە گەڵ سازمانی موجاهیدینیش هاودردی کرا. دیسان روون نیە کە ئایا ئەگەر جی هێرش بۆ سەر پژاک بۆ سەر دێموکرات و کۆمەڵە هێرش کرابا هەر وا ئیرانیەکان هەڵویستی نوترالیان دەبوو ؟

## زەرەرەکانی شەر:

لەم شەرە دا تا ئیستا چگە لە شەهید بوونی ژمارەیەک لە گریلاکانی کورد ، ژمارەیەکی بەرچاو ئاوارە بوون و زیانیکی زۆری ماڵی بە خەڵکی باشوری کوردستان کەوتوە کە لە شەرایەتی ئیستا دا بۆ کورد گەلیک بە زەرەرە. بەشیکی زۆر لە ئابووری باشوری کوردستان بە تایبەت لە بواری سوتەمەنی دا بە ئیران بەستراوەتەوە ، کە زیانی زۆری لەم شەرە دا دێوە.

ئاکامی کۆمێنتار : ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئیران لەم شەرە دا بە بی دەس کەوت پاشەکشە بکات ( شکست بخوات ) هەر چەند بە سورەتی کاتی خەبەری خوش بۆ کورد دەبی ، بەڵام لە دریژخاین دا دەرد سەری پژاک بۆ کورد گەلیک زیاد دەبی. ( وەک ئاکامی شەری ٣٣ رۆژەی ئیسرائیل و حیزباڵله لە لوبنان لە ساڵی ٢٠٠٦ ). بەڵام ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئیران لەم شەرە دا سەرکەوتن بە دەس بینی ، واتە بەو ئامانجە سیاسی و نیزامیانەی کە لەم شەرە دا هەیەتی ، بگات ، ئەو دەم شەرایتیکی سەخت بۆ کورد دیتە پیش کە کەس ناتوانی ئاکامی ئەو حاڵەتە پیش بینی بکات.

## ئاخرین رستە :

من وەک تاکیکی کورد کە پەریوەی هەندەرانم بە رەق و تورەبوونیکی زۆرەوە هێرشی ریژیمی کورد کوژی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کورد شەرمەزار و مەحکوم ئەکەم و هاوکاتیش لە گەڵ ئەو منداڵە کوردانەی کە لەشیان خەڵتانی خوێن بوە هاودەردی دەکەم و و هەروا ریبەرایەتی نا مەسئولی (PKK) و پژاک بە بەرپرسیاری ڕژانی ئەوە خوینانە ئەزانم.

**ع ـ شریف زادە ـ ئاڵمان ـ ٢٩ ی ژوئیەی ٢٠١١**